| حکومەتی هەرێمی کوردستان- عێراق<br>وەزارەتی پەروەردە - لیژنەی باڵای تاقیکردنەوە گشتییەکان<br>تاقیکردنەوە گشتییەکانی قۆناغی ئامادەیی ( پۆلی دوازدەهەمی وێژەیی ) | بەناوی خودای گەورە | بابەت:ئابووری / کات : ٣:٠٠ کاتژمێر<br>وەڵامی نموونەیی<br>ساڵی خوێندنی ٢٠٢٤- ٢٠٢٥ خولی یەکەم | پەنجەمۆر<br>A |
|---|---|---|---|

وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە ( بۆ هەر پرسیارێك دوو نمرە )

١. بڕی بەکاربردن = ................. × ڕێژەی بەکاربردن:
A- داهاتی دەستکەوتوو B- داهاتی ڕەخساو C- داهاتی ڕاستەقینە D- داهاتی نەتەوە

٢. توانای وڵاتێك بۆ دابینکردنی هەلی کار لە ساڵی (٢٠٢٣) بریتییە لە (٢٢٠٠٠) هەلی کار،ئەگەر تێکڕای زیادبوونی هێزی کار (١,٣٪) بێت و ژمارەی دانیشتوان (٢٤ملیۆن) کەس بێت ، ئایا قەبارەی بێکاری چەندە:
A- ٢٧٠٠٠٠ بێکار B- ٢٨٠٠٠٠ بێکار C- ٢٩٠٠٠٠ بێکار D- ٢٩٣٠٠٠ بێکار

٣. بە هۆی ئەو برەوسەندن و گەشەکردنەی لەوکاتەدا لە ئابووری هەبون ئەم جۆری هەڵاوسانە لە شەستەکانی سەدەی بیستەم لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەرکەوت :
A- هەڵاوسانی کپکراو B- هەڵاوسانی هێنراو C- هەڵاوسانی خشۆك D- هەڵاوسانی سەرکێش

٤. بە پێی بۆچوونی............. بەرهەمهێنان هەر تەنها دروستکردنی ماددەیەکی نوێ نییە،بەڵکو دروستکردنی کەڵکیشە،واتە زیادکردنی توانای شتەکانە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییە مرۆییەکان:
A- ئادەم سمث B- کوێزنی C- جوزێف شومپیتەر D- جان باتیست سای

٥. دابەزینی نرخی پشکەکان لە بازاڕە داراییەکاندا و نزمبوونەوەی ئاستی پەرەسەندنی ئابووری لە کاریگەرییەکانی:
A- هەڵاوسانە B - داکشانەوەیە C- بارگۆڕانی ئابوورییە D- ئابووری شاراوەیە

٦. بۆ ئەوەی بتوانرێت ئەو ڕێسایە جێبەجێبکرێت و دەستگرتنەوە و خەرجکردنی هۆشیارانە بێتەدی و گەورەترین کەڵکی کۆمەڵایەتی لێبکەوێتەوە پێویستە لەسەر دەوڵەت دەزگایەکی چاودێری دارایی توند و بە دەسەڵاتی هەبێت:
A- ئابووریانە لە خەرجکردن و بە ڕێوەبردن B- ئەوپەڕی کەڵك C- ڕێگە پێدان D- خەرجییە کۆمەڵایەتییەکان

٧. بنەماو قۆناغەکانی تەواو کاری ئابووری بە (پێنج) قۆناغی یەك لە دوای یەك دیاریکراوە،قۆناغی (چوارەم) بریتییە لە:
A- یەکێتی نەختینەیی B- یەکێتی گومرگی C- دامەزراندنی بازاڕی هاوبەش D-یەکێتی ئابووری تەواوەتی

٨. کاریگەری ئەم جۆرە بارگۆڕانە لە سەر قەبارەی چالاکییە ئابوورییەکان پێویستی بە لێکدانەوە و شیکردنەوەی بیردۆزی تایبەتی نییە :
A- بارگۆڕانە خۆبەخۆکان B-بارگۆڕانە بەردەوامەکان C- بارگۆڕانە کورت خایەنەکان D- بارگۆڕانە وەرزییەکان

٩. فێربوون لە دوورەوە،بڵاوکردنەوەی زانیاری، پێشکەشکردنی بڕیاردراوەکانی باج، جۆرێکی بازرگانی ئەلکترۆنییە لە نێوان:
A- حکومەت و کۆمپانیاکان B-بەکاربەر و حکومەت C-کۆمپانیا بۆ بەکاربەر D- بەکاربەر بۆ کارە بازرگانییەکان

١٠. ئەم جۆرە چاودێریکردنە شێوازێکی خۆ پارێزییە ڕێگە لە ڕودانی هەر هەڵەو لادانێك دەگرێت و تەنها چاودێرییە لە سەر خەرجییە گشتییەکان و دەسهات ناگرێتەوە :
A- چاودێری دواتر B- چاودێری هەڵسەنگێنەر C- چاودێری پێشوەختە D- چاودێری خۆیەتی

١١. یارمەتیدانی خاوەن پرۆژە بازرگانییە بچووکەکان،لە ڕێگەی کەمکردنەوەی تێچوونەکان و کارئاسانی لە کرداری کڕین و فرۆشتن لە نێوان خۆیاندا،یەکێکە لە ئامانجەکانی:
A- ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی B- کۆمەڵەی بیست C- ڕێکخراوی ئاسیان D- ڕێککەوتنامەی نافتا

١٢. کۆمەڵەی بریکس بە پێکهاتەی ئێستای ........... دانیشتوانی جیهان و............ئابووری جیهان پێکدەهێنێت:
A- ٤١٪ و ٢٢٪ B- ٤٢٪ و ٢٣٪ C- ٤٣٪ و ٢٥٪ D- (٤١٪ و ٢٤٪

١٣. یەکێك نییە لە هۆکارە ڕاستەقینەکانی زیادبوونی خەرجییە گشتییەکان:
A-هۆکاری دابەزینی بەهای دراو B- هۆکاری ئابووری C- هۆکاری سیاسی D- هۆکاری دارایی

١٤. کەم و کورتی ئەم ڕێگە قەرزکردنە ئەوەیە کە دەوڵەت تەنها بۆ قەرزە بچوکەکان پەنای بۆ دەبات و ناشتوانێت بڕی ئەو قەرزە دیاری بکات کە پێویستی پێیەتی:
A- گرێبەستی قەرزی ڕاستەوخۆ B- گرێبەستکردن لە بازاڕی دارایی
C- گرێبەستی قەرزی ناڕاستەوخۆ D- قەرزی ماوە کورت

١٥. هەریەکە لە ژاپۆن و هیندستان و کەنەدا سەرەتای دەستپێکردنی ساڵی داراییان ( بودجەکانیان ) کەوتۆتە :

A- یەکی نیسان B- یەکی تەمموز C- یەکی کانونی دووەم D- یەکی تشرینی یەکەم

١٦. بە یەکێك لەو پێوەرە گرنگە نێودەوڵەتییانە دادەنرێت کە لە بەدواداچونی پەرەسەندنی چالاکی ئابووری هەر وڵاتێك لەلایەن نەتەوەیەکگرتووەکان و سندوقی دراوی نێودەوڵەتییەوە بەکاردەهێنرێت:

SN: 000001

A- بودجەی گشتی B- بەرهەمی نەتەوە C- داهاتی نەتەوە D- قەبارەی بێکاری

١٧. لە ساڵی ( ٢٠٠٩ ) ئەندامێتی خۆی لە ڕێکخراوی وڵاتانی ناردەنی نەوت ( OPEC ) هەڵپەسارد :

A- قەتەر B- گابۆن C- ئیکوادۆر D- ئەندۆنیسیا

١٨. دەوڵەت بۆ پارەدارکردنی هێنراوەکانی یان بۆ ڕاستکردنەوەی لاسەنگی تەرازوی پارەدان پەنا دەباتە بەر:

A- قەرزی ناوخۆ B- قەرزی دەرەکی C- قەرزی ئارەزومەندانە D- قەرزی زۆرەملی

١٩. پلانی ( جۆن مایناردکینز ) لە کۆنگرەی ( بریتۆن ودز ) بۆ ڕێکخستنی پەیوەندییە نەختینەییە نێودەوڵەتییەکان دامەزرابو لە سەر بنەمای:

A- دامەزراندنی دامەزراوەیەکی نێودەوڵەتی بۆ نەخت B- وەلاتانی جونەیهی ئیستەرلینی

C- دروستکردنی دراوێکی نێودەوڵەتی بەناوی ( بانکۆر ) D- ( A و C ) ڕاستن

٢٠. ئەگەر پشکی دەوڵەتێکی ئەندام لە سندقی دراوی نێو دەوڵەتیدا ( ١٢٥ملیۆن ) بێت، ئەوا بڕی پێشکەشکراو بە دراوی نیشتمانی بە پێی یاسای سندوقەکە دەکاتە : A- ٨٣,٧٥ ملیۆن B- ٩٢,٥٠ ملیۆن C- ٩٣,٧٥ ملیۆن D- ٩٨,٥٠ ملیۆن

٢١. کەمکردنەوەی تێکڕای هەڵاوسان لە ڕێگەی زیادکردنی تێکڕای پەرەسەندن و کەمکردنەوەی ڕێژەی بێکاری، یەکێکە لە ئامانجەکانی :

A- ڕێکخراوی ئیجاد B- یەکێتی ئەورو پا C- ڕێکخراوی ئاسیان D- کۆمەڵەی بریکس

٢٢. لەو گریمانانە نییە کە ( دیڤید ریکاردۆ ) پشتی پێبەستووە لە لێکدانەوەی بیردۆزی تێچوونە ڕێژەییەکان:

A- جێگیری ئاستی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا B- کار تاکە بنەمایە لە دیاریکردنی بەهای شمەکە جیاوازەکان

C- جێگیری بەهای دراوی نیشتمانی D- تێچوونی گواستنەوە ناچێتە چوارچێوەی حسابەکانی تێچوونی بەرهەمهێنانەوە

٢٣. بە پێویستی دەزانێت لە بازرگانیدا بایەخ بە هەلومەرجی خواست بدرێت، چونکە نرخە ڕێژەییەکان تەنها بە هەلومەرجی خستنەڕو دیارناکرێت، بەڵکو هەلومەرجی خواستیش کارتێدەکات:

A- ولیام ماکینلی B- جیفری بیزۆس C- دیڤید ریکاردۆ D- بیرتل ئۆلین

٢٤. بۆ دیاریکردنی نرخی دراو گۆڕینەوە لە ڕووی مێژووییەوە لە ساڵی ( ١٧١٧ تا ١٩٣٣ ) کار کراوە بە ڕێسای:

A- نرخی دراو گۆڕینەوە جێگیرەکان B- دەستێوەردانی حکومەت

C- نرخی دراو گۆڕینەوەی ئاڕاستەکراو D- زێری تەقلیدی

٢٥. پێویستە هەموو هاووڵاتیان بەشداری بکەن لە باجدانەکاندا بۆ پارەدارکردنی خەرجییە گشتییەکان، چونکە هەر خۆیان سوود مەند دەبن لە خەرجکردنەوەی ئەو پارانەدا، بە پێی ڕێسای :

A- داد پەروەری B- ئابوورییانە C- ئاشکرایی D- گونجاوی

٢٦. هۆکارەکانی سزادان و نەبوونی شەفافیەت لە ڕێکارەکاندا یارمەتی دەرن بۆ دەرکەوتنی:

A- ئابووری شاراوە B- ڕاکردن لە باج C- بردنەدەرەوەی سەرمایەی نیشتمانی D- خۆلادان لە باج

٢٧. کار کردن بۆ کورتکردنەوەی ماوەی لاسەنگییەکانی تەرازوی پارەدانی وڵاتە ئەندامەکان و کەمکردنەوەی توندی ئەو لاسەنگییانە، یەکێکە لە ئامانجەکانی: A - بانکی نێو دەوڵەتی B- ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی C- سندوقی دراوی نێو دەوڵەتی D- کۆمەڵەی بیست

٢٨. ئەم جۆرە بێکارییە لە وڵاتە پەرەسەندووەکان بلاوە، بە هۆی نەبونی شارەزایی تەکنیکی نیشتمانی ناتوانرێت پێداویستی کۆمەڵگە لە دەستی کاری شارەزا پڕبکرێتەوە :

A- بێکاری بونیادی B- بێکاری شاراوە C- بێکاری بەخول D- بێکاری وەرزی

٢٩. پەرەسەندنی مێژویی ڕۆڵی دەوڵەت لە ئابووری نیشتمانیدا، بەم شێوەیە دەستپێدەکات:
A- دەوڵەتی بەرهەمهێن ⟵ دەستێوەردانی دەوڵەت ⟵ دەوڵەتی پاسەوان
B- دەوڵەتی پاسەوان ⟵ دەوڵەتی بەرهەمهێن ⟵ دەستێوەردانی دەوڵەت
C- دەوڵەتی بەرهەمهێن ⟵ دەوڵەتی پاسەوان ⟵ دەستێوەردانی دەوڵەت
D- دەوڵەتی پاسەوان ⟵ دەستێوەردانی دەوڵەت ⟵ دەوڵەتی بەرهەمهێن

٣٠. بیردۆزی (ڕێژەیی بنەماکانی بەرهەمهێنان) دارێژراوە لە لایەن:
A- بۆسنەر- سمیث  B-هیکشەر - ئۆلین  C- سمیث - هیکشەر  D- ریکاردۆ - ئۆلین

٣١. ئەم ڕێگەیەی حسابکردنی داهاتی نەتەوە لە وڵاتانی پەرەسەندوو کاری پێناکرێت،چونکە پێویستی بە دەزگایەکی ئاماری وردو پێشکەوتوو هەیە :
A- ڕێگەی خەرجکردن  B- ڕێگەی بەهای زێدە دانراو  C- ڕێگەی داهاتی دەستکەوتوو  D- ڕێگەی وەبەرهێنان

٣٢. لە پێکهێنەرەکانی ئابووری نەتەوە کەرتی دابەشکردن ڕاستەوخۆ بەشداری بەرهەمهێنان ناکەن،بەڵکو یارمەتیدەرو ڕێگە خۆشکەرن بۆ بەرهەمهێنان و فراوانبونی، لەمانە پێکدێت:
A- بازرگانی ناوخۆو دەرەوەو کۆمپانیاکانی دڵنیایی  B- بانکەکان و دامەزراندن و بیناسازی
C- کانزاکاری و پیشەسازییە گۆڕانکارییەکان  D- گواستنەوە و ڕێگاو بان وخزمەتگوزاری گشتی

٣٣. لە بارگۆڕانی ئابووری ،ئەم بیردۆزە پێی وایە داهێنراوەکانی بواری کارکردن بەرپرسە لەو بارگۆڕانە خێرایەی لە وەبەرهێنان و کارکردندا ڕوودەدن:
A- بیردۆزی نەختینەیی  B- بیردۆزی وەبەرهێنان  C- بیردۆزی کینز  D- بیردۆزی شۆمپیتەر

٣٤. لیژنە لقییەکانی ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی پێدێت لە:
A- لیژنەی هاریکاری و تەواوکاری ئابووری  B- لیژنەی بودجە و دارایی و کارگێڕی
C- لیژنەی تەرازووی پارەدان  D- (B و C) ڕاستن

٣٥. دەسهاتی لە وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا لە داهاتی نەتەوەییان دەگاتە:
A- (١٥٪ – ٢٥٪)  B- (٢٥٪ – ٣٥٪)  C- (٣٥٪– –٤٥٪)  D- (٤٥٪– –٥٠٪)

٣٦. ئەو خەرجیانەن کە حکومەت تەرخانیان دەکات بۆ بەدەسهێنانی ئامێرو ئامراز و شمەك و خزمەتگوزاری،بە مانا فراوانەکەی پێیدەوترێت خەرجی بەرهەمهێن:  A- خەرجی ڕاستەقینە  B-خەرجی ئاسایی  C- خەرجی دارایی  D- خەرجی کارگێڕی

٣٧. کەمبونەوەی قەبارەی ئەو دەسهاتانەی وڵات لە باجەکان دەستی دەکەوێت ،ئەوەش کاردەکاتە سەر داهاتەکانی ئەو وڵاتە و قەبارەی خەرجیەکانیشی کەم دەکاتەوە، یەکێکە لە دەرئە نجامەکانی:
A- لاسەنگی تەرازووی پارەدان  B- هەڵاوسان  C- داکشانەوە  D- ئابووری شاراوە

٣٨. ئەم جۆرە پڕکردنە کاتێك دەردەکەوێت کە بەرهەمهێنەکان شمەکەکانیان بە کەمتر لە تێچوونەکانیان دەفرۆشن لە پێناو ئەوەی دەستبگرن بەسەر بازاڕدا:  A- پڕکردنی بەردەوام  B- پڕکردنی وەرزی  C- پڕکردنی کاتی  D- پڕکردنی دیاریکراو

٣٩. بایەخی دەسهاتەکانی دەوڵەت لە موڵکە تایبەتییەکانی لە سەدەکانی (١٨ –١٩) کەمیکرد بە هۆی بڵاوبونەوەی بیروڕای:
A- دەستێوەردانی دەوڵەت  B- سەربەستی ئابووری تاکەکەس  C-سۆشیالیستی  D- (A وB ) ڕاستن

٤٠. بەکارهێنانی باج بۆ هاندانی چەند چالاکییەکی بەرهەمهێنان، یەکێکە لە ئاما نجە...........................ی باج:
A-کۆمەڵایەتییەکان  B- ئابوورییەکان  C- داراییەکان  D-ڕامیارییەکان

٤١. لەم جۆرە باجەدا لایەنە باجدەرەکان تەنها لە ڕووی تێکرای باجەکەوە یەکسانن نەك لە ڕووی بڕی ئەوپارەیەی کە وەك باج دەیدەن بە حکومەت:  A- باجی ڕێژەیی جێگیر  B- باجی پێوانەیی  C- باجی داکشاو  D- باجی هەڵکشاو

٤٢. تووشی ئابووری وڵاتە پەرەسەندوەکان دەبێت بە هۆی هەوڵدانیان بۆ هێنانەدی جێبەجێکردنی بەرنامەی پەرە پێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی:
A- هەڵاوسانی بەخێرایی زیاد بوو  B- هەڵاوسانی پەیکەربەند  C - هەڵاوسانی تێچوون  D- هەڵاوسانی نەختینەیی

٤٣. ئامانج لە دامەزراندنی کۆمەڵەی بیست ( G٢٠ ) بریتییە لە :

A- بە هێزکردنی توانای ڕاکێشانی وەبەرهێنانی بیانی

B- پارێزگاری لە هێزی دارایی وڵاتە قەرزوەرگرەکان

C- پارەدارکردنی پرۆژەکانی ژێرخانی ئابووری لە وڵاتە پەرەسەندووەکان

D- چەسپاندنی سەقامگیری دارایی نێودەوڵەتی

٤٤. کام لەم دەستەواژانەی خوارەوە ڕاستە : A- حسابکردنی داهاتی نەتەوە بە پێوەرێکی چۆنایەتی دادەنرێت نەك چەندایەتی.

B- قەبارەی ئابووری شاراوە ئەو بەشەی بەرهەمی نەتەوەییە، کە لەکاتی حسابکردنی داهاتی نەتەوەدا تۆمارکراوە.

C- کەمبونەوەی بەرهەمی ئۆپیك بە ڕێژەی ( ٤٠٪ ) بوە هۆی زیاد بونی ڕۆڵی ئەو وڵاتە خاوەن نەوتییانەی ئەندام نین لە ئۆپیك.

D- باجەدری ڕاستەقینە لە ڕووی دارایی و یاساییەوە دیاریکراوە بۆ باجدانەکە.

٤٥. ئەم خەرجییە گرنگترین برگەیە لە خەرجییەکانی حکومەت :

A- خەرجی کارگێڕی

B- خەرجی کۆمەڵایەتی

C- خەرجی دارایی

D- خەرجی جەنگی

٤٦. کاتێك حکومەت بیەوێت نرخی دراو گۆڕینەوە جێگیر بکات دەستێوەردان دەکات بە ڕاکێشانی کەرتی تایبەت بۆ زیادکردنی خواست لەسەر دراوی ناوخۆیی ( بۆ نمونە دینار ) لە ڕێگەی :

A- بەرزکردنەوەی نرخی سوو

B- زیادکردنی هێنراوەکان

C - کەمکردنەوەی وەبەرهێنانی ناوخۆیی

D- فرۆشتنی یەدەگی زێڕ

٤٧. کام لەم دەستەواژانەی خوارەوە هەڵەیە : A- بڕیاردان لە سەر کەڵکی گشتی بە پلەی یەکەم بابەتێکی ڕامیارییە.

B- بە پێی یاسای پارکنسۆن ئە نجامدانی کار درێژە ناکێشێت بە پێی ئەو کاتەی بۆی دانراوە.

C- لە قۆناغی بێ بازاڕی متمانەی بەکاربەر بە ئابووری دەگاتە نزمترین ئاست.

D- دەفری باج ئەو ماددە و ڕەگەزانەیە کە دەکەوێتە ژێر ڕکێفی باجدانەوە.

٤٨. لایەنی بەرپرسە لە دارشتنی سیاسەتە ئابوورییە جیاوازەکان و چارەسەرکردنی ئەو گرفتانەی لە ناوچەی ( یۆرۆ ) دەردەکەون :

A- ئە نجومەنی ئابووری

B- پەرلەمانی ئەوروپا

C- کۆمیسیۆنی ئەوروپا

D- بانکی ئەوروپی

٤٩. ئەو ڕەسمەیەکە دەسە پێنرێتە سەر ئەو شمەکە هێنراوانەی کە لە وڵاتەکەیاندا سوودیان وەرگرتووە لە کۆمەکەکانی ناردنە دەرەوە کە بۆتە هۆی نزمی تێچوون و نرخی ئەو شمەکانە :


A- ڕەسمی گومرگی لێکدراو

B- ڕەسمی پاراستن

C- ڕەسمی گومرگی بە پێی جۆر

D- ڕەسمی گومرگی بە پێی بەها

٥٠. لە قۆناغەکانی سوڕی ژیانی بەرهەم ژمارە ( ١ ) بریتییەلە :




A- بەرهەمی نوێ

B- پێگەیشتن

C- گەشەی بەرهەم

D- کۆتایی بەرهەم